# کامێرایەکی دیجیتاڵی تایبەت بەمنداڵان



کامێرای میکی ماوسی تایبەت بە منداڵان، کامێرایەکی سەرنج ڕاکێشە بە جیهانی منداڵان و تازە لاوان، کامێراکە کەبە دیزانی میکی ماوس هاتۆتە بەرهەم، توانا گەلێکی بەرچاوی هەیە، وەك: وێنەکان کوالیتیان ٧ میگاپیکسلن، زومی دیجیتالی ئیتکالیان هەیە، زەینی ناو خۆی کامێراکە ٣٢ میگابایتە، توانای ئەوەی هەیە کە لە ڕێگای کارت میمۆری جۆری microSD زەینی زیاد بکرێت. کامێراکە شاشەیەکی LCD یەك ونیو ئینجی هەیە. کێبڵی و شوێنی تایبەتی هەیە تا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئامێری ipad بدرێت. کامێراکە دوو ڕەنگی تایبەت بە کچان و کوڕانەی هەیە. کۆمپانیای sakar Disney ئەو کامێرایەی بەرهەم هێناوە.

# کامێرای Hasselblad H4D کوالیتی ٦٠ میگـ

میگاپیکسل بۆ بردنە سەری کوالیتی وێنەیەك گرنگی زۆری هەیە لە جیهانی کامێرای دیجیتالیدا، هەتا ڕێژەی میگاپیکسل لەسەری بێ ئەوندە کوالیتی وێنەکە بەهێزترە.. دیارە بەتەنیا میگاپیکسل نییە لە باشبوونی وێنەیەکی سەرکەوتوودا ڕۆڵ دەبینێ، بەڵام سەرووبوونی میگاپیکسل یەکێکە لە هۆکارەکان..

کۆمپانیای Hasselblad لە ریزی بەرهەمهێنانی کامێرا پێشکەوتوو دیجیتالییەکان لە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووکان بووە، دوایین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو کە بە H4D ناسراوە گەرچی ساڵێك بەسەر بەرهەمهێنانیدا رابردووە کەچی هێشتاش هەروا بێ رکابەرییە.



خاڵی سەرنج ڕاکێش لەو کامێرایەدا ئەوەیە کە لە سیستەمی ئۆتۆ فۆکس True focus سوود وەردەگرێت، کە جیاوازی ئەو لەگەڵ سیستەمەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە فۆکوس لەسەرەتادا وێنەگرتن بە وردبینییەکی زۆر ئەنجام دەدا و پاشان لە کاتی گۆڕاندا یا لەرزینی دەستدا بەشێوەی ئۆتۆماتیکی فۆکسەکە دەگەیەنتە ئەوپەڕی خۆی. لە ماوەی وێنەگرتندا هەستەوەرە هۆشمەندەکانی ناو کامێراکە لایەنی ئاسۆیی و ستوونی کامێراکە کۆنترۆڵ دەکەن هەر بۆیە باشترین دەرکەوتەی وێنە پێشکەش دەکات.

# ئەم دارەی هەموو ئامێرەکان شەحـ



# بە مۆبایل کامێراکەت کۆنترۆڵ بکە



سامسۆنگ کامێرایەکی دیجیتالی نوێی بەناوی DV300F بەرهەم هێناوە کە خاوەنی دوو شاشەیە و لەڕێگای سیستەمی وای فای (Wi-Fi) بەمۆبایل پێوەند دەدرێت.

کامێرای ناوبراو خاوەنی هەستەوەری ١٦ میگاپیکسلییە، خاوەنی دوو شاشەیە، شاشەیەك لەپێشەوە کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێ کە لەپێشەوە وێنەی خۆی بگرێت. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەو کامێرایە لەوەدایە کە بەهۆی سیستەمی وای فایەوە ڕاستەوخۆ بەئینتەرنێتەوە پێوەند دەدرێت و دەکرێت وێنەکان ڕاستەوخۆ بۆ ئینتەرنێت بۆ سایتە کۆمەڵایەتییەکان بەرێ بکەی. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە لەڕێگای مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی بکەی. هەروەها هاوکات دیمەنی سەر کامێراکە لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەبینرێت.



ـــا پیكسلە



## ـــن دەكاتەوە

دیزاینەرێكـــی بـــواری ئەلكترۆنی لەوڵاتی فەرەنسا، ســێ ساڵ كاری لەســەر بەســەركەوتن گەیاندنـــی بیرۆكەكەی كردووە، ئەویش داهێنانی ئامێركە كـــە وەك دارێك دەچێت و ئامێـــرە ئەلكترۆنییەكانـــی وەك مۆبایـــل، ئایپـــاد، تەبلێت.. تاد. بەهۆیەوە شـــەحن دەبنەوە. دارەكە خاوەنی ٢٧ گەڵایە وزەی خۆی لەهەتـــاو وەردەگرێت. ئامێرەكە كە بـــە(Electree) ناســـراوە دەتوانێ هەتا ٣٦ كاتژمێر وزەی پێویســـت بۆ شـــەحنكردنەوەی ئامێـــرە دیجیتالییە تاكە كەسییەكان دەستەبەر بكات. جگە لەوەش دیزاینـــی دارەكە بۆ دیكۆری ماڵەوە سەرنجڕاكێش و جوانە.



## وێنەكانتان لەناو چوارچێوەیەكی جوان دابنێن

گەلێك پرۆگرامـــی گرافیكی هەن كە ئەركیان دەستكاریكردن و ئیفێكت لەسەردانان و لە چوارچێوە خستنی وێنەیە، پرۆگرامی Picget phot-shingeیش لە ریزی ئەم پرۆگرامانە دێت.

هەربەكارهێنەرێك حەز دەكات وێنە شەخســـی و بنەماڵەییەكانـــی بە جوانی دەربخات، ئەوانەی زۆر شـــارەزای كۆمپیوتەرن لە پرۆگرامی بەهێزی وەك فتۆشـــۆپ و هاوشێوەكانی ئەو ســـوود وەردەگرن، بەڵام ئەو كەسانەی كە زۆر شارەزای كۆمپیوتەر نین بەكارهێنانی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەكانی تارادەیـــەك دژوارە، بـــەڵام پرۆگرامی Photo shine بەبێ گرفت و بەبێ شـــارەزاییەكی زۆر، ئەركانی تایبەت بە دەســـتكاری و جوانكردنی وێنە ئەنجـــام دەدات. لـــە راســـتیدا پرۆگرامەكە زیاتر ئەركی كـــولاژ كردنی وێنەیـــە. گەلێك ئیفێكت و چوارچێوەی جوانی تێدایە، چوارچێوەو ئیفێكتەكان بەپێی كەســـایەتی ناووێنەكە جیـــاوازە، ئیفێكت و چوارچێـــوەی تایبەت بە منداڵ، كچـــان، كوڕان، گۆڤار و رۆژنامە، دیمەنی سروشـــتی، عاشقانە... تاد. كە كۆیان دەگاتە 700 دانە. هەروەك ئاماژەم پێدا بۆ بەكارهێنانی پێویستی بە هیچ شارەزاییەكی ئەوتۆ نییە، تەنیا بەچەند كلیكێك ئەركەكان ئەنجام دەدرێن. پرۆگرامەكە لەگەڵ گشـــت ویندۆزەكانیش دەگونجێت.

## لاپتۆپی L502- Touch نوێترین لاپتۆپی Dell



كۆمانیـــای Dell لە ریـــزی كۆمپانیا ســـەركەوتووەكانی بەرهەمهێنانی لاپتۆپ دێت. یەكێـــك لە نوێترین لاپتۆكانیشـــی لاپتۆپی جۆری L502یە كە تەواو لەمسییە. كەیســـی لاپتۆپەكە تەواو ئەلۆمینیۆمە و شـــوێن پەنجەی لێ دیار ناكات. رامەكەی شـــەش گیگابایتە، هاردیسكەكەی ٦٤٠ گیگابایتە. سپیكەری لاپتۆپەكـــە دەنگیان تا ئاســـتێك بەرزە، كەموكورتییەك لە لاپتۆپەكانی dellدا ئەوەیە كە سپیكەرەكانی دەنگیان نزمە. كارتی گرافیكی بەهێزە، بە تەلەڤزیۆنەكانـــی 3Dیش پەیوەند دەدرێت. كارتخوێنێكی ٩ كارەی لەسەرە، بە كورتی دەكرێت بڵێین ئەمە لە ئێســـتادا لە ریزی لاپتۆپەكە ســـەركەوتووەكانی كۆمپانیای ناوبراو دێت.



# کۆمپیوتەری HP Omni27 هەموو شتێک پێکەوە

جیا لەکۆمپیوتەری جۆری ماکنتۆش، کۆمپیوتەری ویندۆز هەتا ئەم ساڵانە، کەلوپەلەکانی بەجیا بوون و دواتر پێکەوە پێوەند دەدران و هەروەها ئێستاش شاشە و کەیسەکان پێکەوە لێك جیان، هەڵبەتە ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە هێشتاش هەر ماوە، بەڵام پێدەچێت لەمساڵدا کۆمپیوتەری یەکپارچە واتە سێت شوێنی کۆمپیوتەرە کلاسیکەکان بگرێتەوە. کۆمپیوتەری سەرمێزی HP Omni27 لەڕیزی ئەو کۆمپیوتەرانە دەژمێردرێت. کۆمپیوتەرەکە یەکجار بەهێزە، چونکە تەنیا ڕامەکەی ٤ گیگابایتە، هاردەکەی ٢ ترابایتە. سیستەمی بلورەی لەسەرە و هەروەها پشتیوا نی لەتیونەری تەلەڤزیۆن دەکات. سیستەمی دەنگی لەجۆری Beatsـە. جگە لەوەش HP خزمەتگوزارییەکی نوێی لێ زیاد کردووە بەناوی magic canvas کە چێژێکی زیاتر بۆ بینەر دەڕەخسێنێ.

# پێشانگای ساڵانەی CES گەورەترین پیشانگای IT

هەموو ساڵێك لە سەرەتای مانگی یەکەمی ساڵدا، گەورەترین پێشانگای ساڵانەی تەکنەلۆژیای سەردەم لە شاری لاس و گاسی ئەمەریکا دەکرێتەوە، بەر لە کرانەوەی پێشانگاکە، جیهانی تەکنەلۆژیا بە تاسەوە سەیری بەشداربووانی ناو پێشانگاکە دەکات کە بە چ بەرهەمێکی نوێ بەشداری دەکەن. پێشانگاکە بە ناوی CES ناسراوە کە کورتکراوەی "Consumer Electronics show"ە. ئەم ساڵ لە ڕۆژەکانی ١٠ ئەم مانگە هەتا ١٣ی مانگ بەردەوام بوو. لە پێشانگای ئەم ساڵدا زیاتر لە ٢٧٠٠ کۆمپانیا بەشداریان تێدا کرد و زیاتر لە ٢٠ هەزار بەرهەمی نوێی خۆیان ناساند. لە ژمارەکانی داهاتوو، ئاماژە بەو بەرهەمە تەکنەلۆژییە سەردەمانە دەکەین کە لە پێشانگای ساڵانەی CES ی ئەمساڵدا نمایشکران.



# بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر هەنگاوێک بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی

ئەو هەنگاوەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ناویەتی بۆ بەئەلکترۆنی کردنی کاروبارەکانیان و دیجیتالکردنی کارەکانی پێوەندیدار بەمەسەلەی پێبژاردن "غرامە" کارێکی گرنگە، بۆ ئاگاداری ئەوانەی کە شارەزای خزمەتگوزارییە گرنگەکەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر نین ئاگادار دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو سایتێکی ئەلکترۆنی کردۆتەوە کە ئەمە لینکەکەیەتی (www.hawlertp.com). لەو سایتەدا تەنیا جۆری ئۆتۆمبێلەکەت دیاری دەکەی وەك "تایبەتی" بارهەڵگر" "تاکسی"... تاد و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەت دەنووسی، ئیدی ڕاستەوخۆ پەیجی جۆری سەرپێچییەکانی ئۆتۆمبێلەکە و ژمارەی وەسلی پێبژاردن و بڕی پێبژاردنەکە و شوێنی سەرپێچییەکە و ڕێکەوتی سەرپێچی ئۆتۆمبێلەکەت دەستنیشان دەکات.. ئەو هەنگاوە لەحکومەتی ئەلکترۆنیدا گرنگە، هەرچەندە من پێشنیارێکم هەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر، ئەوان دەتوانن کۆدێکی کورتە پەیام SMS لەیەکێك لەتۆڕەکانی خزمەتگوزاری مۆبایل بکەنەوە و هەرکەسێك ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەدیاریکردنی پیتێك بەمانای "تایبەتی" یان "تەکسی" یان "بارهەڵگر... بۆ ئەو کۆدە بنێرێ، لەوەڵامدا تەنیا بڕی "پێبژاردن"ـەکەی بۆ ڕەوانە بکرێتەوە. لەوڵاتی ئێراندا ئەم شتە چەند ساڵێکە هەیە. دیسان ئەو هەنگاوەشیان پیرۆزە.



# LG و گـوگڵ پێکـەوە تەلەڤزیۆنێکـی هۆشمەند بەرهەم دێنن

هەموو ســاڵێك لەســەرەتای مانگی یەکەمی ســاڵدا، گەورەین پێشانگای ساڵانەی تەکنۆلۆژیای ســەردەم لەشــاری لاس و گاســی ئەمریکا دەکرێتەوە، بــەر لەکرانەوەی پێشانگاکە، جیهانی تەکنۆلۆژیا بەتاسەوە سەیری بەشداربووانی ناو پێشانگاکە دەکات کە بەچ بەرهەمێکی نوێ بەشداری دەکەن. پێشانگاکە بەناوی CES ناسراوە کە کورتکراوەی "Consumer Electronics show"ە. ئــەم ســاڵ لەرۆژەکانی ١٠ی ئەم مانگە هەتا ١٣ی مانگ بەردەوام بوو. لە پێشــانگای ئەم ساڵدا زیاتر لە٢٧٠٠ کۆمپانیا بەشداریان تێدا کرد و زیاتر لە٢٠ هەزار بەرهەمی نوێی خۆیان ناساند. لەژمارەکانی داهاتوو، ئاماژە بەو بەرهەمە تەکنۆلۆژییە سەردەمانە دەکەین کە لەپێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا نمایشکران.

# چاویلکەی هۆشمەندی Vuzix دیدێکی نوێ بۆ جیهان

کۆمپانیای گوگڵ و نۆکیا بڕیاریانداوە لەپێشــانگای ساڵانەی CES2012 کە ڕۆژی ١٠ ئەم مانگە دەســتی پێکرد، چاویلکە هۆشمەندەکەیان کە پێکەوە بەرهەمیان هێناوە نیشــان بدەن. ڕەنگە داهێنانی ئەم چاویلکەیە یەکێك بێت لەگرنگترین تەکنۆلۆژییەکانی ساڵی نوێ. ئێوە چاویلکەیەك لەچاو دەکەن کە ئەرکی شاشەیەکی ڕوون ئەنجام دەدات و دەتوانێت وێنەیەك نیشان بدات کە لەگەڵ دیدی ئێوە و سروشتی دەوروبەر تێکــەڵاو بێت. ئەرکی ئەو چاویلکەیە ئەوەیە کە لەگــەڵ ئامێرەکانی مۆبایل و ئایپاد و لاپتۆپ و کامێرا هۆشمەندەکان لەپێوەند دادەبێت و زانیارییەکانی سەر ئەوانە ڕاستەوخۆ بۆ دیدەکانتان دەگوازێتەوە. تێکچوونی کەشوهەوا و شەو و ڕۆژ هیچ کاریگەری بەسەر کارکردی چاویلکەکەدا نابێت.





# هــەر جــارەو وەڵامــی پرسیارێـــک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن دەکرێت کۆمپیۆتەرەکــەم بکوژێنمەوە کاتێك کە پێیدەکەمەوە گشت پرۆگرامەکان کــە کردوومنەتــەوە وەك فایلێکی ۆرد کە هەندێك شــتم تێدا نووسیوە، یــان وێنەیــەك کە نیازمــە دوای پێکردنەوەی کۆمپیۆتەرەکە یەکسەر دەســتکاری بکەم ئەو پرۆگرامانە دانەخرێن و یەکسەر ببنەوە.

خوێنــەری بەڕێز ئــەو توانایەی باســی دەکەی گەلێك ئاسانە، ئەو هەنگاوانەی کە من لێرەدا باســیان دەکەم تۆ بەباشــی ئەنجامیان بدە، ئیدی بە ئاسانی دەگەی بە ئامانج. ســەرەتا بەشــی کۆنترۆڵ پەنەل لە کۆمپیوتەرەکەتدا بکەوە، دواتر بچۆ سەر بەشی display لەوێش را بچۆ بۆ سەر بەشی screen saver دواتر بچۆ بۆ سەر بەشی power و دوای ئەوە بەشی hibernate. لەو بەشەدا فەرمانی enable hibernation لێبــدە و دواتر ok بکە. ئێســتا کە نیازی کوژاندنەوەی کۆمپیوتەرەکەت هەیە لەو بەشــەی کــە کۆمپیۆتەر دەکوژێنیەوە، لەســەرەتادا دوگمەی Shift دابگــرە و دەبینی دوگمەی stand by دەبێتە hibernate ئێستا لەســەر ئەو دوگمەیە کلیك بکە و بەم کارە کۆمپیوتەرەکەت دەکوژێتەوە کــە کرایــەوە ئــەو پرۆگرامانەی کردوونەتەوە وەك خۆیان کراونەتەوە.